# كارنامەی ليستی سەربەخۆی پارتی چارەسەری ديموكراتی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نيشتمانی ئێراق

لە كاتێكدا گەلی ئێراق لەچوارچێوەی سەرلەنوێ بونيادنانەوەی سيستەمی سياسيدا لەماوەی ساڵێكدا بۆ جاری دووەمە بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نيشتمانی ئێراقدا دەكات، هەروەها لەپرۆسەيەكی ريفراندۆميشدا دەستووری بنچينەيی پەسندكرا. بەڵام وەكو دیارە، هێشتا نەتوانراوە ئاراستەی ئێراق بەرەو داهاتوويێكی پڕشنگدارو ئارام و ئاسايش ببرێت و هەنگاوی ديموكراتيانەی جددی بۆ چارەسەری كێشە هەڵواسراو و قووڵەكانی كۆمەڵگای ئێراق بەهەموو پێكهاتەكانی بنرێت. چونكە ئەقڵييەت و چەمكی دەمارگيريانەی ئايينی و مەزهەبی و نەتەوەپەرستی لايەنە سياسييە دەسەڵاتدارەكان و لاوازی رەفتارو هزری ديموكراتيان رێگيری و ئاستەنگی هەرە مەزن بووە لەبەردەم گەيشتن بەو داهاتووەی كە گەلی ئێراق دەيان ساڵە لەپێناويدا تێكۆشاوەو قوربانی بۆداوە. سەپاندنی دەستوورێك كە دوورە لەبنچينەو پرەنسيپە ديموكراتييەكان و راستينەی مێژوويی و جوگرافی و سروشتی هەمەلايەنەی كۆمەڵگای ئێراق، وەك ئەمری واقيع بەسەر گەلەكەماندا بەرچاوترين بەڵگەی ئەم راستييەيە.

هەرچەندە داخوازی ديموكراتييانەی گەل و گەيشتن بەژيانێكی مەدەنی و پڕ لەخۆشگوزەرانی و دادی كۆمەڵايەتی لەئاستێكی بەرزدا بێت، بەڵام نزمی ئاستی هوشياری ديموكراتی و لاوازی بزاڤی ديموكراتی و لايەنە ديموكراتيخوازەكان، رێخۆشكەر بووە لەبەردەم چڕكردنەوەی ململانێيە سياسييەكان لەتەوەرەی دەسەڵاتگەرێتيدا، نەك ديموكراتيخوازيدا. بۆيە ئەمڕۆ لايەنە سياسييە دەسەڵاتدارەكان هەموو هەوڵێكيان گرتنەدەستی زۆرترين دەستڕۆيی و دەسەڵاتە نەك سەقامگيركردنی بنەما و پرەنسيپە ديموكراتييەكان. بەرێوەچوونی پرۆسەی سياسی لەدوای رووخانی رژێم بەگشتی و شێوەی هاوپەيمانێتييەكان و مشتومڕەكانی دەربارەی دەستوور بەتايبەتی، باشترين نموونەن.

لەسەر ئەو بنەمايە؛ پ. چ. د. ك وەك پارتييەكی ديموكراتخوازی گەلەری لەو باوەڕەدايە تا هێزو لايەنە ديموكراتخوازەكان جڵەوی رەوتی سياسی و رووداوەكان نەگرنەدەست و بەشێوەيەكی چالاك و كاريگەر لەسەر پرۆسەی سەرلەنوێ بونيادنانەوەدا رۆڵگير نەبێت، ناتوانرێ داهاتوويێكی پڕشنگدارو خۆشگوزەران و ئارام گەرەنتی بكرێت. بۆيە سەرلەنوێ هەمواركردنی دەستوور سەقامگيركردنی ئاشتی و ئارامی و ديموكراتی و خۆشگوزەرانی و دابينكردنی پێداويستييە ژيانييەكانی تاك و كۆمەڵگای ئێراقی لەئەركە هەرە سەرەكييەكانی هێزو لايەنە ديموكراتخوازەكانی ئێراقە بەگشتی.

بۆيە پارتيمان "پ. چ. د. ك" لەميانەی باوەڕبوون بەبەرزكردنەوەی تێكۆشانی ديموكراتی و جێبەجێكردنی ئەركی نيشتمانيانەی خۆيدا و پەيوەستبوون بەداخوازی ديموكراتيانەی گەل و دابينكردنی سەرجەم پێداويستييەكانی و لەپێناو نوێنەرايەتيكردنێكی راستەقينە لەئەنجوومەنی نيشتمانی ئێراقدا بەكارنامەيەكی چڕوپڕ و دەوڵەمەند دەكەوێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. ئێمە لەو باوەڕەداين گەلی ئێراق بەبێ جياوازی شايستەی ژيانێكی شكۆدارو پڕ لەخۆشگوزەرانی و دادپەروەری و ئارامی و ئاسايشە، كارنامەی پارتيشمان گوزارشتێكی راستەقينەی ئەو ژيانەيە كە مسۆگەر دەبێت بێتەدی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییانەی باسیان لێوە کرا، "پ. چ. د. ك" بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردن دەکات، ئەم لیستەیە کە پارتی بینای دیموکراتی و تەڤگەری دیموکراتی ئێزیدی ئازاد و چەندین رێکخراوی مەدەنی و دیموکراتی پشتگیری لێدەکەن، لەو کەسێتیانە پێك دێت کە بە دیموکراتخواز و وڵاتپارێز و دڵسۆز ناسراون و ئامادەی هەموو خزمەتگوزارییەکن بۆ گەل و وڵات. بۆیە بانگەوازی سەرجەم چین و توێژەکانی گەل دەکەین ئەو مافە رەوایەی خۆیان بەکار بهێنن و بچنە سەر سەندووقی دەنگدان و متمانە بەکارنامەی ئەو هێزو لایەنانە بکەن کەتوانستی نوێنەرایەتی راستەقینەی گەلیان هەیە و پارتیشمان بەگەوهەری نیشتمانپەروەری و دیموکراتییانەی خۆیەوە لەریزی پێشەوەی ئەو هێزو لایەنانە دێت کەشایستەی ئەو متمانە پێبەخشینەیە. لەسەر ئەو بنەمایە دەقی کارنامەی لیستی سەربەخۆی "پ. چ. د. ك"تان پێشکەش دەکەین کە بەژمارە لیستی (779) دەکەوێتە کێبرکێی هەڵبژاردنەوە.

یەکەم/ ئامانجە گشتییەکان:

1. کار دەکەین بۆ بەدەستهێنانی هەرچی زووتری سەروەری تەواوەتی ئێراق.

2. لەپێناو سەقامگیربوونی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و مەدەنی و تاکێکی خاوەن ئیرادەو ئازاد تێدەکۆشین.

3. لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی و بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی تیرۆرو توندوتیژی کاردەکەین.

4. پشتگیری لەهەر بڕیارو هەنگاوێك دەکەین کەئامانجی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی ئێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ و کراوە بەڕووی جیهاندا و پێشکەوتوو لەهەموو ئاستەکاندا بێت.

5. بەگژداچوونەوەی هەر ئیمتیازات و فەزڵکردنێك کە بەپێکهاتەیەك لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێراق ببەخشرێت و ئەوانی دیکەی لێبێبەش بکرێت.

6. لەئاستی جیهان و رۆژهەڵاتی ناویندا، سیاسەتی دەرەوە لەسەربنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و رێزگرتنی بەرامبەر و کرانەوە بەڕووی جیهاندا پیادە بکرێت.

7. سیاسەتی ناوخۆیی وڵات لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و یاسا و پێوانە دیموکراسییەکان بەڕێوەبچێت.

8. پێشخستنی پرۆژەی تەبایی نیشتمانی لەسەر بنەمای بەیەکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە و دیموکراتییانە و بەرژەوەندی باڵای سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێراق بەدوور لەهەر خۆسەپاندن و دەستێوەردانێکی دەرەکی.

9. گەڕاندنەوەی رەگەزنامەی ئێراقی بۆ هەموو ئەو هاووڵاتیانەی بێبەشکراون لەمافی هاووڵاتیبوون. رەگەزنامە بەو پەنابەرانەش بدرێت کە ئاوارەی ئێراق بوونە.

10. کێشە هەڵپەسێردراوەکانی وەك "سنوور و ئاو" لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەناوبژیوانی لایەنی سێیەم لەدەزگا نێودەوڵەتییەکان چارەسەر بکرێت.

11. ئێراق لەهەموو پەیماننامە و رێککەوتنە شوومانە بێبەری بکرێت کە لەسەردەمە دەسپۆتییەکانی رابردوو رژێمە دیکتاتۆرەکان مۆریان کردووە.

12. کار بکرێت بۆ چوونە نێو هەموو ئەو هاوپەیمانێتی و پرۆتۆکۆلانەی لەبەرژەوەندی گەلانی ئێراق و مرۆڤایەتی دایە.

13. پشتیوانی و هاوکاری ئەو هێز و لایەنە دیموکراتییانە بکرێت کە بۆ یەکێتی و دیموکراتیزەبوونی رۆژهەڵاتی ناوین تێدەکۆشن.

14. ئەنجامدانی بەپەلەی سەرژمێری گشتی و هاوسەنگکردنی ڕێژەی مردن و لەدایکبوون.

15. فشار بخرێتە سەر حکومەتی ئێراق تاوەکو تاوانەکانی رژێمی بەعس دەرهەق بە گەلی کوردستان، وەك ژینۆساید پێناسە بکات. هەروەها کارکردن بۆ نێودەوڵەتیکردنی کێشەی تاوانی ژینۆسایدی کوردان.

16. پابەندبوونی ئێراق بەهەموو ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتییەکان و پابەندبوونی بەو بەڵگەنامانەی کە دەربارەی مافەکانی ژن هاتوونەتە ئاراوە.

دووەم/سەبارەت بەهەموارکردنی دەستوور:

پێویستە دەستووری بنچینەیی ئێراق بە دیباجەو ماددەو بەندەکانییەوە لەسەر ئەو بنەمایانە هەموار بکرێتەوە:

1. دەستوور لەژێر کاریگەری ئەقڵییەت و چەمکی دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی باڵادەست رزگار بکرێ و دیموکراتیزە بکرێت، بەڕادەیەك سروشت و پێکهاتەی هەمە لایەنەی ئێراق تێیدا رەنگ بداتەوە.

2. دەستوور لەمەتاتیەت و تەمومژی و ناکۆکی نێوان ماددە و بەندەکان رزگار بکرێت.

3. دەستڕۆیی و دەسەڵاتی ناوەندی کەم بکرێتەوەو دەستڕۆیی و دەسەڵاتی هەرێمەکان زیاتر بکرێت.

4. مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان وەك مافێکی رەوا گەرەنتی بکرێت و گەلی کورد وەك بەشێك لەنەتەوەی کورد پێناسە بکرێت. لەهەمانکاتیشدا گەلی کوردستان لەسەر بنەمای یەکێتی ئازاد و دیموکراتییانەو بەئیرادەو ئارەزووی خۆی لەچوارچێوەی ئێراقدا دەژیت. راشکاوانە دان بەناسنامەی نەتەوەییانەی "فەیلی، ئێزیدی، شەبەك" و مافەکانیان بنرێت.

5. ماف و ئازادییەکانی ژن بەگوێرەی پرەنسیپە دیموکراتییەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و مەدەنی گەرەنتی بکرێت. هاوتایی ژن و پیاو لەماف و ئەرکەکانیدا بەبنەما بگیردرێت و جێگرتنی ژن لە دامودەزگا سەرەکییەکان لە 50% کەمتر نەبێت.

سێیەم/ سەبارەت بە هەرێمی کوردستان:

1. گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی "کەرکوك، خانەقین، شەنگال، مەخمور، خورماتوو" کە تا 2003/4/9 لە ژێر دەسەڵاتی رژێمدا بوون، بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

2. سڕینەوەی شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن.

3. قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەنفال، کیمیاباران و سیاسەتی راگواستن.

4. گەڕاندنەوەی ناسنامە و مافە نەتەوەییەکانی ئێزیدی، شەبەك و فەیلییەکان.

5. گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

6. گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی نەتەوەکانی "تورکمان، ئاشووری، کلدان و سریان".

7. لەڕووی یاساییەوە پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەسەر بنەمای دۆستایەتی و هاوکاری نەتەوەیی ڕێکبخرێت و خزمەت بەپتەوکردنی یەکێتی نەتەوەیی بکات.

8. ماددەی 58 لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و دوانەخرێت.

چوارەم/ سەبارەت بە دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و دەسەڵات:

1. بەمەدەنیکردنی پارتی سیاسی، وەلاوەنانی چەمکەکانی حزبی قائید و قۆرخکردنی دەسەلات لەلایەن حزبەوە.
2. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر کۆنترۆڵی حزب و دەوڵەت دەربخرێت، پێشخستنی دەستپێشخەری و مافی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەو رێکخراوانە بەبنەما بگیردرێت.
3. قەدەخەکردنی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان لەگرتووخانەکان، باشکردنی رەوشی زیندانەکان و پەروەردەکردنی گیراوان لەسەر بنەمایەکی زانستی و کۆمەڵایەتی.
4. کاربکری بۆ نەهێشتنی پەیوەندی گوماناوی سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، کەدەرفەت بەپاشکۆیەتی سیاسی و ئاژاوەو دەستێوەردانی دەرەکی دەدات.
5. سەکۆی ئازادی رادەربڕین بۆ دەربڕینی رای گشتی جەماوەر لەهەموو شوێنێك پێشبخرێت.

پێنجەم/ سەبارەت بە بواری ئیداری:

1. قەلاچۆکردنی گەندەڵی ئیداری و بیرۆکراسییەت، تەزکییە حزبی، مەحسوبیەت و مەنسووبیەت لەمیانەی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای "ئەمەت لەکوێ هێناوە؟" و لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی کەتواناو دەستڕۆیی ئیداریان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکارهێناوە.
2. لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتدا دڵسۆزی بڕوانامەی پێویست، لێهاتوویی و نیشتمانپەروەری بۆ تەعین و تەرفیع بەبنەما وەربگیردرێ و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەسێك بڕەخسێنرێ.
3. گێڕانەوەی ئەو کارمەندانەی بەهۆی ئینتیمای سیاسی لەسەر کار لابراون و قەرەبووکردنەوەیان.

شەشەم/ سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژن:

1. هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی بەگوێرەی پرەنسیپە هاوچەرخ و مەدەنییەکان کە لەخزمەتی ماف و ئازادی ژندا بێت.
2. بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەژنان.
3. وەزارەتی ژنان چالاك و کاریگەر بکرێت.
4. پاراستنی مافی ژن لەکاتی دووگیانی و منداڵبووندا.
5. پشتگیری و هاوکاریکردن بۆ سازکردنی کۆمەڵە و سەنتەری پەروەردەو گەشەپێدان لەسەرجەم گوندو شارۆچکەو گەڕەکەکان، بۆ باشکردنی باری هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ژنان.
6. نەهێشتنی دیاردەی بەزۆر بەشوودان، گەورە بەبچووك، فرەژنی، ژن بەژنی و لەبری خوێن.
7. لەبەرامبەر دیاردەی بەکاڵاکردن و بازرگانی کردن بەژنان تێدەکۆشین.
8. هێنانەدی پەیوەندییەکی ئازاد و هاوچەرخانە لەنێوان ژن و پیاو و بەلاوەنانی زهنیەتی باوکسالاری لەنێو خێزاندا.
8. هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردنیان لەسیاست و دیموکراتیزەکردنی سیاسەت.

حەوتەم/سەبارەت بە دۆخی ئارامی و ئاسایش:

1. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم دەزگا هەواڵگری و ئیستخباراتییەکانی حزبەکان و ئاواکردنی دەزگایەکی هەواڵگری نیشتمانی.

2. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم میلیشیا چەکدارەکان و بونیادنانی سوپایەکی نیزامی نیشتمانی.

3. دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتیان و پاراستنی سەروماڵیان و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی هەمووجۆرە تاوانکارییەك.

هەشتەم/ سەبارەت بە توێژە کۆمەڵایەتییەکان:

1. گرنگیدان بەپەروەردە و فێرکردنی منداڵ و کارکردنیان لەتەمەنی خوار 15 ساڵ قەدەغە بکرێت.

2. مافەکانی منداڵانی لێقەوماو بێ کەسوکار و هەتیو بپارێزرێ و ناوەندی چاودێری کۆمەڵایەتیان بۆ ساز بکرێت.

3. بایەخ بەپیر و بەساڵاچووان بدرێت و سەنتەری بەخێوکردن و چاودێریان بۆ ئاوا بکرێت.

4. مافی کەمئەندام و پەککەوتەکان بپارێزرێت و سەنتەری گەشەپێدانی چالاکیان بۆ ئاوا بکرێت.

5. لەمیانەی کردنەوەی سەنتەر و دەزگای کۆمەڵایەتی و دابینکردنی بیمەی بێکاریدا دیاردەی سواڵکردن نەهێڵدرێت.

6. خۆشگوزەرانی و پێداویستی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان دابین بکرێت.

7. چەکدارکردنی مێردمنداڵان و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای حزبی بەسەریان نەهێڵدرێت.

8. دابەشکردنی زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدان، خانەنشین، مامۆستا و توێژە کەم دەرامەتەکان و رەخساندنی سولفەی دروستکردنی خانوبەرە.

9. سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی وەگەڕ بخرێت.

10. کێشەی بێکاری چارەسەر بکرێت و جیاوازی چینایەتی کەمتر بکرێتەوە.

نۆیەم/ سەبارەت بەپەروەردە و فێرکردن:

1. سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بە پێی راستینەی مێژوویی و جوگرافی و کولتووری هەمەرەنگی کۆمەڵگای ئێراق و پێوانە دیموکراتی و زانستییەکانی سەردەم بێت.

2. خوێندن تاقۆناخی ئامادەیی بەزۆر بێت و لەسەرجەم قۆناخەکانیشدا بەخۆڕایی بێت، لەتەواوی قۆناخەکانی خوێندندا ئامرازە تەکنۆلۆژییەکان دابین بکرێت.

3. لەهەموو بوارەکانی خوێندندا، وەرگرتن لەسەر بنەمای خولیای خوێندکار بێت و مافی خوێندنی باڵا بۆ هەموو کەسێك فەراهەم بکرێت و کۆتایی بە "وەرگرتنی تایبەت" بهێنرێت.

4. پێداویستییەکانی خوێندکار وەکو "شوێنی نیشتەجێبوون، سەرچاوەی زانستی، دەرماڵەی مانگانە" دابین بکرێت.

5. گرنگی بەزانکۆ ئەهلییەکان بدرێت بەپێی یاسا.

6. دەرفەتی خوێندنی باڵا لەدەرەوەی وڵات بۆ هەموو خوێندکارێك برەخسێنرێ.

7. هاندان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو وزە زانستی و ئەکادیمییە ئێراقییەی ناچاری پەراگەندەیی و چوونە هەندەران کراون.

8. پەرەپێدانی پەیوەندییەکی هاوچەرخ لەنێوان خوێندکار و مامۆستا کە لەخزمەت پەروەردەو فێربووندا بێت. گرنگیدان بەژیان و گوزەرانی مامۆستایان.

9. کردنەوەی خوێندنگای نوێ لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا و دابینکردنی کەرەستەی خوێندن.

10. هاندان و زیادکردنی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ بەشداربوونی سەرجەم نەخوێندەواران لەهەڵمەتەکەدا.

دەیەم/ سەبارەت بە گەشەپێدانی ئابووری و بونیادنانەوە:

1. پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئابووری کراوە تا بەپشتبەستن بەسامانی خۆماڵی و سەرمایەی دەرەوە ئابووری وڵات ببوژێتەوە.

2. دۆزینەوەو وەگەڕخستنی سامانە سروشتیەکان و دروستکردنی کارگەی تایبەت بەو سامانە لەجێگەی خۆیدا.

3. پەرەپێدانی کەرتی گشتی و تایبەتی و تێکەڵ کەخزمەت بەگەشەپێدانی ئابووری وڵات بکات.

4. گرنگیدان بەسەرمایەی پیشەسازی، بەتایبەتی لەدابینکردنی خۆراك و پێویستییە سەرەکیەکاندا.

5. گومرك تەنیا لەهاتنە ژوورەوەو دەرچوون لەسنووری ئێراق وەربگیردرێت، سووککردنی باجی گومرك و باجەکانی دیکە لەسەر هاووڵاتیان.

6. بایەخدان بەکەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری و دەرکردنی یاسایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار کەمافی جوتیاران بپارێزێ و چەمکی زەوی بۆ جوتیار بەبنەما وەربگیردرێت.

7. هاوکاریکردنی جوتیاران بەئامێری کشتوکاڵ و پەیین، دانەوێڵە و پێویستییەکانی بەرهەمهێنان.

8. گرنگیدان بەشوێنەوارە مێژووییەکان و بواری گەشتوگوزار وەك سەرچاوەیەك بۆ داهاتی نیشتمانی.

یازدەم/ سەبارەت بەبواری خزمەتگوزاری:

1. دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی وەك "کارەبا، ئاوی خواردنەوە، سووتەمەنی" بەشێوەیەکی سیستەماتیك.

2. دابینکردنی ئازووقەی مانگانە بۆ هەر خێزانێك بەشێوەیەکی سیستەماتیك و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری مووچە لەبری ئازووقە.

3. چاککردنی رێگا و بان و تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ.

4. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەلەفۆن، ئینتەرنێت و پۆست بەنرخی گونجاو بەڕادەیەك هەموو گوندو قەزا و ناحیەکانیش بگرێتەوە.

5. چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون و دەستپێکردنی هەڵمەتێکی فراوانی خانووبەرە دروستکردن و دابینکردنی نیشتەجێبوونی شایستە بۆ هەموو هاووڵاتییەك.

6. بایەخدان بەژیان و گوزەرانی گوندو شارە دێیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست و رێگەگرتن لەدیاردەی "کۆچ" لەگوندەوە بەرەو شار. جیاوازی نێوان شار و گوند لەرووی خزمەتگوزارییەوە نەکرێت.

7. بەرهەمهێنانی پەترۆڵ زیادبکرێ و پاڵاوگەکان زیاتر و باشتر بکرێت. بەشێك لەداهاتی نەوت و بەرهەمی کەرتەکانی دیکە بەهاووڵاتیان بدرێت.

8. کەمکردنەوەی کۆت و بەندەکانی بەردەم بازرگانی گشتی و کار بۆ تەقلیبوونی ئێراق لەرێکخراوی بازرگانی جیهانی بکرێت.

9. هەموو هەوڵێك بدرێت ئێراق لەژێر باری قەرزاری و پاشکۆیەتی ئابووری رزگاربکرێت.

10. پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ بەپیشەسازیکردنی ئێراق ئەنجام بدرێت و چۆنایەتی بەرهەمی خۆماڵی باشتر بکرێت.

11. زەمینە بۆ پێشخستنی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی ئاست نزم بدرێت.

12. کردنەوە و گەشەپێدانی بانکی ئەهلی بۆ چالاککردنی سەرمایەگوزاری هاووڵاتیان.

13. سیستەمی هەناردەو هاوردە بەرچاو دەرباز بکرێتەوەو لەمیانەی سیاسەتێکی شەفاف و ئاشکرا سەرلەنوێ رێك بخرێتەوە.

14. سەرچاوەکانی ئاو وەك سەرچاوەیەکی داهاتی نیشتمانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و چەندایەتی و چۆنایەتی بەنداوەکان رەچاو بکرێتەوە.

15. موڵکییەتی گشتی گەل و خزمەتگوزاری گشتی، بەتایبەتی نەوت و ئاو و سامانە سروشتییەکان لەهەموو هەوڵدانێکی تایبەتکردن (خێیە) بەدوور بگیردرێ.

16. تەواوی بینایە و شوێنی دامودەزگا حکومی و گشتییەکان لەژێر دەستی پارت و لایەنە سیاسییەکان و هێزە سەربازییەکان دەربخرێت و بگەڕێندرێنەوە بۆ خزمەتگوزاری گشتی.

17

دوازدەم/ سەبارەت بە بواری تەندروستی و ژینگە:

1. گۆڕینی سیستەمی تەندورستی لەسەرتاسەری ئێراقدا بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بێ، دەوڵەت پشتگیری توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا بکات بۆ دەستەبەرکردنی دۆزینەوەو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان.

2. سنووردانان لەبەردەم ئەو پیسبوون و وێرانکارییەی بەسەر ژینگەدا هاتووە. دەستپێکردنی هەڵمەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ پاراستنی ژینگە و تەندروستی مرۆڤ.

3. رەخساندنی دەرفەتی چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان.

4. هەڵمەتێکی گشتگیر و بەرفراوان بۆ خاوێنکردن و رێکخستنەوەی سەرجەم شار و شارۆچکە و دێهاتەکان.

5. نەهێشتنی کاریگەری چەکە کیمیاوی و بایۆلۆژییەکان لەو شوێنانەی بەکارهێنراون یان بەرهەمهێنراون.

6. تەواوی ناوچە پیشەسازییەکان لەشوێنی ئاوەدانی دوور بخرێنەوە.

7. کۆنترۆڵ و چاودێرکردنی سنوورەکان بۆ رێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا کوشندەکان، بەتایبەتی ئایدز و ئەنفلۆنزای باڵندەکان.

8. گرنگی بەهۆشیاری تەندروستی لەهەموو ئاستەکاندا بدرێت و تەندروستی کۆمەڵایەتی لەسەرجەم شار و شارۆچکەکان پێشبخرێت.

9. گرنگی بەچاودێری تەندروستی بدرێت بەتایبەتی لەسەر بازرگانی خۆراك.

10. گرنگی بدرێت بەزیادکردنی کادیری پزیشکی و پێداویستییەکانی بنکە تەندروستییەکان.

11. کۆکردنەوەو هەڵگرتنی پاشەڕۆ و پاشماوەی شوێنە گشتییەکان لەشوێنی گونجاو کەزیان بەمرۆڤ و ژینگە نەگەیەنێت.

12. پاراستنی دارستانەکان و قەدەخەکردنی راوی باڵندەو گیانەوەرەی کێوی و ماسی لەوەزری زاوزێدا و زیادکردنی رووبەری سەوزایی بە پارك و دارستان لەسەرتاپای وڵاتدا.

13. هەڵمەتی بەرفراوان بۆ پاککردنەوەی زەوییە مینرێژکراوەکان.

14. راگرتنی پاك و خاوێنی هەوا و سەرچاوەكانی ئاو و هەڵمەتێكی بەرفراوان بۆ خاوێنكردنەوەی رووبارەكانی دیجلە و فورات و سیروان و هەردوو زێی گەورە و بچووك.
15. هەڵمەتێك بۆ نەهێشتنی بەربڵاوبوونەوەی ماددە بێهۆشكەرەكان ئەنجام بدرێ.
16. كاربكرێت بۆ دروستكردنی دۆسیەی تەندروستی بۆ هەر هاووڵاتییەك.
17. دابینكردنی شوێن و پاراستنی ئەو گیانلەبەرە بەرەڵڵایانە كە گیانیان لەمەترسیدایە و زیان بەتەندروستی گشتی دەگەیەنن.
18. كار بكرێت بۆ گەڕاندنەوەی زۆنگاوەكان بۆ دۆخی سروشتی خۆی.

سێزدەم/ سەبارەت بەلاوان:

1. زەمینە بۆ چالاكبوون و كاریگەربوونی لاوان لەسیاسەت و دەزگا حكومییەكان لەئاستی هەرە بەرزدا بڕەخسێنرێ.
2. لەپێناو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی كەسێتی لاو و نەهێشتنی پاشماوەی رژێمی لەسەر لاوان و گەیشتن بەكەسێتییەكی ئازاد و دیموكرات و ئافرێنەر پلان و بەرنامەی درێژخایەن دابڕژرێت.
3. بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری لاوان و هاوكاریكردنیان لەسازكردن و ئاواكردنی دەزگا و رێكخراوەكانی تایبەت بەلاوان و وەرزش.
4. هاوكاریكردنی لاوان لەكاتی پێكەوەنانی خێزاندا.
5. وەزارەتی وەرزش و لاوان چالاك بكرێت و پێشبخرێت.
6. یانە وەرزشییەكان بەهێز بكرێن و پێشبخرێن و ئاوا بكرێن.
7. دەرەفەتی ئەنجامدانی چالاكی وەزرشی و زانستی بۆ هەردوو رەگەز بێ جیاوازی بڕەخسێنرێ.
8. كاربكرێت بۆ گۆڕینی تەمەنی خۆپاڵاوتن لە 30ساڵییەوە بۆ 25 ساڵی وەك دەرفەتێك بۆ بەشداری سیاسیانەی لاوان.

چواردەهەم/ سەبارەت بە هونەر و كولتوور:

1. خاوەنداریكردن و بوژاندنەوەی هونەر و كولتووری رەسەنی گەلانی ئێراق.
2. سازكردنی دەزگا و كۆمەڵەی هونەری و كولتووری لەسەرجەم گوندو قەزاو ناحیە و شارەكاندا.
3. ئاواكردنی ئەكادیمیای زانستی بۆ پێشخستنی كولتوور و هونەری نەتەوەكان.
4. كولتووری بەیەكەوە ژیانی گەلان و كولتووری هاوبەشی گەلان پێشبخرێت.
5. پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەكان وەك بەهایەكی ماددی و مەعنەوەی وڵات و گەڕاندنەوەی ئاسەوارە دزراوەكان بۆ مۆزەخانەی گشتی.
6. تەواوی سیمبۆل و توخمەكانی كولتووری رژێمی بەعس بسڕدرێتەوە.

لیستی سەربەخۆی

پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان